ئەنجومەنی نوێنەران پاڵپشتی خۆی بە سەردانەکەی سەرۆک وەزیران بە ئەمریکا دوپات دەکاتەوە

ئەمە دووشەممە، ئەنجووومەنی نوێنەران پشتیوانی خۆی بە سەردانەکەی محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە ئەمریکا ڕاگەیاند و داوای پشتڕاستکردنەوەی تەواوکردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیژیش دەکات.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەن لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە: ئەنجووومەنی نوێنەران و نوێنەرانی گەل بە متمانەیەکی زۆرەوە سەیری ئەو شاندە باڵایە عێراقییە دەکەن کە لەم ڕۆژانەدا بە سەرکایەتی سەرۆک وەزیران سەردانی ئەمریکای کردووە.

ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەنجومەنی نوێنەران پاڵپشتی خۆی بە هەوڵەکانی حکومەت دووپاتدەکاتەوە کە هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندی و سەروەری و خۆشگوزەرانی خەڵک دەدات، وداوای لێشاندی عێراقی کردەوە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە چوارچێوە ستراتیژییەی کە ئەنجووومەنی نوێنەران ١٣ ساڵ لەمەوبەر دەنگیان لەسەر دا تەواو بکات، بەتایبەتی لە بوارەکانی گەشەپەدان و ئاوگەی زانستی و وەبەرهێنان و وزە".

ئەنجومەنەکە هیوای خۆی دەربڕی کە گەلی عێراق ئەنجامی ئەرێنی زیاتر ببینێت کەبەشێوەیەکی خێراتر ئاسایش و خۆشگوزەرانی زیاتر بکات".